## یارمەتیی ماڵ بۆ خوێندنی لەدوورەوەبۆ منداڵ

ئێستا هەموو منداڵێک لەخوێندندا کاتێکی تایبەت بەسەر دەبن. زۆرینەی منداڵ و لاوان ئێستا لەماڵ واتەلەدوورەوەدەخوێنن.

خوێندنی نزیک وایەلەخوێندنگەبۆ پۆلەکانی ١-٣ و بۆ خوێندکارەکانی بەپێویستیی تایبەت دەدرێت. هەروەها بۆ خوێندکارانی کەبەبڕیاری تایبەت و بۆ خوێندکارەکانی ئەرکی خوێندکاریان درێژکراو پەروەردەی لەنزیکەوەبەپێی پێویستی پێشکێش دەکرێت. هەروەها خوێندکارەکانی لەپەروەردەی ئامادە کاری لەرۆژی ٢٠٢٠/٤/١٤وەدەتوانن لەنزیکەوەبخوێنن. هەموو ئەو خوێندکارانیش مافی پەروەردەی لەدوورەوەهەیەئەگەر دایک و باوکیان بیانوێت. **خوێندکاری لەدوورەوەلەماڵ وەکوو بژاردەی یەکەم بۆ هەموو خوێندکاران پێشنیاز دەکرێت.**

خوێندکاری و پەروەردەلەماڵ ڕەنگەئاسان نەبێت. خوێندنگەئێستا هەوڵ دەدەن کەپەروەردەی لەدوورەوەسەرکەوتوو بێت. بارودۆخەکەبۆ هەمومان نوێیەبۆیەباشەباوەڕی بەوەهەبێت کەهەموو کەسێک بەپێی توانای خۆی هەوڵ دەدات. بەرلەکاتێکی درێژ منداڵ دیسان دەگەڕنەوەخوێندنگە

گرینگەکەبەرنامەیێکی ڕۆتینیا ڕۆژانەبۆ پەروەردەو نووسینی دەرسەکان لەماڵ دابنرێت. هەندێک ڕێنمایی لەرێ هەن کەیارمەتیی پەروەردەی لەدوورە وەدەکەن.

- ✓ خوێندنگەئێستاش لەپەروەردەبەرپرسیارە هەموو دایک و باوک دەرفەتی ئەوەیان نیەکەلەخوێندندا یارمەتیی منداڵان بکەن بۆ نموونەبەهۆی نەزانینی فینلاندی/سوێدی. مامۆستەلەخزمەتدان و یارمەتیی پێشکێش دەکەن.

- ✓ ئەگەر منداڵەکەت کۆمپیوتەری نەبێت، دەتوانێت بەتەلەفۆنی دەستیش لەپەیوەندیدا بێت. ئەگەر لەماڵ هیچ ئامێرێکی گونجاو نەبێت، پە یوەندی لەگەڵ خوێندنگەبکەنەوە

- ✓ لەگەڵ منداڵەکەت ڕێنماییەکانی خوێندنگەبخوێننەوە بڵێ بەمنداڵەکەت با گوێگری ڕێنماییەکان بێت و لەمامۆستەدوور بوەسێت.

- ✓ بروانەکەمنداڵەک شتەکانی کەبۆی پێویستن لەگەڵ خۆی دبات بۆ خوێندنگە

- ✓ لەسەر کاتەکانی خوێندنگەلەگەڵ منداڵ قسەبکەو پێکەوەدیار بکەن. کاتەکانی خوێندنگەبنووسەو وێنەیان وەکوو یارمەت بەکار بێنە کاتە کانی خوێندنگەلەشوێنێکی دیار و بەرچاو دابنە

- ✓ لەگەڵ منداڵ شوێنێک دیار بکەکەبۆ نووسینی دەرسەکان باش ئێت و شتەکانی کەلەدەرسەکاندا پێویستن با لەوێ بن. ئاسایش و ئارامی دە رسنووسین پەیدا بکەن.

- ✓ بیر لەوەبکەنەوەکەمنداڵەکەدەتوانێت چ کاتێکی درێژ دەرس بنووسێت. کاتی دەرس لەماڵ لەماڵ دکرێت لەکاتی خوێندنگەدیارکراو کورتتر بێت.

- ✓ دەکرێت منداڵەکەلەدەرسەکانی دا هەست بەتەنیایی بکەن. بۆیەباشەکەبەپەیوەندیی لەدوورەوەلەگەڵ هەورێیان یان لەماڵ لەگەڵ خوێشک و براکانی خۆی پێکەوەدەرسەکانی خوێندنگەبنووسن. پێکەوەکردن زۆر خۆشە

- ✓ کاتێکی کافی بۆ گەڕانەوەلەدەرەوەدیار بکەن. هاتوچۆ و وەرزش و یاریکردن بەشێکی گرینگەخوێندنی لەدوورەوە

- ✓ هەندێک ڕێنمایی ئاشکەرا بۆ کاتی بەکارهێنانی ئامێرەئەلەکترۆنیەکان دیار بکە
- ✓ ڕێ بدەن بەهەستەکانی منداڵ و با ئارمانجەکانتان ڕیالیست بن. ئەگەر منداڵەکەت بۆ نموونەبۆ دواین دەرسی ڕۆژەکەتاقەتی نەمابێت، دە توانێت پاشان ئەو دەرسەبنووسێت. مامۆستاکان پاشان یارمەتیی منداڵەکان دەدەن بۆ بگەن بەو ئاستەکەپێویستەئەگەر منداڵ لەدەرسە کانیدا دوا کەوتبێت.

- ✓ هەر کەس لەماڵ دەبێت ڕێز لەکاتی دیارکراوی دەرسەکانی منداڵەکەبگرێت. خێزان هەموو پێکەوەبەرپرسیارەلەئارامیی دڵ و ئارامیی دە رسنووسینی منداڵەکە

- ✓ ئەگەر لەفێربوون یان بارودۆخی منداڵەکەت نیگەران یان بەئەندیشەبیت، پەیوەندی لەگەڵ خوێندنگەبکە ئەگەر نیگەرانیت زۆرتر لەسەر فێربوون بێت، پەیوەندی لەگەڵ مامۆستەکانی منداڵەت بکە ئەگەر نیگەرانی لەخوەشحاڵیی منداڵەکەت هەبێت، پەیوەندی لەگەڵ دە روونناس یان ڕێبەری کۆمەڵایەتیی خوێندنگەکەی بکە

لەدارشتنی ئەم ڕێنمایانەدا سوود لەنووسراوێکی دەروونناسی دەزگای لێروم، فرێدریکا نوکڤیست، هاوکاریی ماڵ و خوێندنگەو نووسراوەکانی یەکێتیی دایک باوکیان لەفینلەندا گیراوە